# بیرەوەری ٢٧مین ساڵرۆژی دامەزراندنی سازمانی خەبات

عەلی بەهرامی



Ali_bahrami2000@hotmail.com

٥ی خەرمانانی ساڵی ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، یادی ٢٧مین ساڵرۆژی دامەزراندنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانە، ئەگەر بمەوێ بە تێروتەسەلی لەسەر سازمانی خەبات بنووسم کاتێکی زۆر و لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێ. سازمانێك کە٢٧ ساڵی تەواوە بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی نیشتمان خەبات دەکاو لە بەرانبەر زۆر کەندو کۆسپ و کەموکورِی کۆڵی نەداوەو درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە، کە بێ گومان لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێ لە کار و چالاکی.

سازمانی خەبات لە ساڵی١٣٥٩ی کۆچی خۆری لە رۆژهەلاتی کوردستان دامەزرا. رێبوارانی رێگای سازمانی خەبات تەنیا لە رۆژی دامەزرانی سازمانەوە لە تێکۆشان و موبارزە بۆ رزگاری نەتەوەی کورد دا نەبوون. ئەو رێبەرو پێشمەرگانەی کە سازمانی خەباتیان دامەزراند پێش لە دامەزرانی سازمان لە موبارزەدا بوون دژی ستەم و داگیرکاری. پێش راپەرین و لە رێبەرایەتی راپەرین و نارەزایەتی جەماوەر لە ساڵی ١٣٥٧ دژ بە دەسەلاتی شا بەجیددی بەشداربوون و لەدوای ئینقلابیش لە دەفتەری ماموستا شێخ عزەدین دا تێکۆشانیان درێژە پێ دا. بەتایبەت جەنابی ماموستا سەید جەلالدین حسینی لە ساڵی١٣٢٤ دا ئەندامی کۆمەلەی ژ.ك و لەکاتی کۆماری کوردستاندا کوردێکی دلسۆزو نیشتمان پەروەر بوو، وە لەدوای رووخانی کۆمارەوە بەشێوەییێکی نهێنی خەریکی تێکۆشان بوو و پێوەندێکی پتەوی هەبوو لەگەل دلسۆزان و گەورەپیاوانی ناوچەکانی کوردستان و هاوکاری کەسانی چالاکی سیاسی و شۆرشگێر بووە و لە ساڵی١٣٥٨ دا لە دامەزرانی دەفتەری ماموستا شێخ عزەلدینی حسینی دەوری سەرەکی بینیوە هەرچەند هەولی دا لەگەل ماموستا شێخ عزەالدین و ماموستا عبدوالرحمانی زەبێحی تەشکیلاتێکی هاوشێوەی کۆمەلەی ژ.ك بەسەرۆکایەتی ماموستا شێخ عزەالدین حسینی، دامەزرێنن، بەلام ئەو کارەیان سەری نەگرت و نەیان توانی ئەو تەشکیلاتە پێك بێنن. لە دوای ئەوەی ماموستا شێخ عزەالدین لە بەر هەر چی بوو لە ساڵی ١٣٥٩ دا رایگەیاند کە هێزی چەکداری نیە، ماموستا سەید جەلال الدین حسینی بۆ ئەوەی کە خەتێکی جەماوەر پەسەندی بۆ موبارزە وەك کۆمەلە ژ.ك، پێ درووست بوو و چۆلاییێکی وا گەورە لە خەباتی کوردستان دا نەمێنێ، لەگەل دەستەیێك لە ماموستایانی ئایینی و چەند کەسایەتێکی سیاسی کوردستان، سازمانی خەباتی نەتەوەایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێرانیان پێك هێنا.

بە پێك هێنانی سازمانی خەبات، هەلسوورانی سیاسی لە کوردستانی ئێران چووە قەوارەییێکی دیکەوە، چوونکە ئەو هێزانەی لە کوردستان هەلسوورانیان هەبوو، بە فکرێکی چەپی کاریان دەکرد و هێزییێك لە مەیدان دا نەبوو کە شێوە فکرێکی پێچەوانەی ئەوانی هەبێ، لەو هەل و مەرجەدا سازمانی خەبات وەك هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە فکرێکی ئیسلامی لە کوردستان دا هاتە ئاراوە، خەلکێکی زۆر لەوانەی نەیان دەتوانی لەگەل هێزەکانی دیکە بن، روویان لە سازمانی خەبات کرد و دەستیان بە کار و چالاکی کرد. سازمانی خەبات لە سەر باوەری ئیسلامی دەستی بە چالاکی کرد بۆ ئەوە نا کە کار بۆ پەرە سەندنی ئیسلام بکات. لای رێبەرایەتی سازمان روون بوو کە پەرەدان بە ئیسلام لە شاخدا ناکرێ و باشترین شوێن بۆ پەرەدان بە ئیسلام مزگەوتەکان و مەدرەسە ئایینیەکان و ناو جەماوەری کوردستانە. مەبەستی سازمان ئەوە بوو کە خەلکی موسولمانی کوردستان کە خەبات دەکا و خەباتەکەی دژی ئیسلام نیە. بە پێچەوانەی فتوای خومەینی کە راپەرینی کوردستان بە کوفر و خەلکی کوردستانی بە کافر دادەنا، بۆیە لە کوردستاندا بوونی هێزێکی نەتەوەیی ئیسلامی پێویست بوو.

بە دامەزرانی سازمانی خەبات، هێز و لایەنەکانی کوردستان کەوتنە خۆ بۆ لە ناو بردنی و لە زۆر ناوچەی کوردستان هێرش کرایە سەر بنکە و بارەگاکانی و رێبوارانی رێبازی سازمانی خەبات بۆ دیفاع لە مەوجوودیەتی سازمان هەلوێستی لێبراوانەیان دەگرت و زۆر جاریش ناچار بوون بۆ پارێزگاری لە سازمان دەست بۆ چەکەکانیان بەرن.

سازمان تا ئێستا سێ کونگرەی بەستووە، کونگرەی یەکەمی لە رۆژی ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ دا و لەگەل راگەیاندنی سازمانی خەبات بوو لە کونگرەی یەکەم کە کونگرەی پێك هاتن بوو، جەنابی ماموستا سەید جەلال الدین حسینی کە دارای پێگەیێکی دیار و تایبەت بوو لە ناو خەلکی کوردستاندا، وەك سکرتێری گشتی هەلبژێردرا.

سازمانی خەبات بە رەنج و ماندووبوونێکی زۆر لەساڵی١٣٦٣ دا توانی بلاوکراوەی تیکۆشان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی دەربکا و تیکۆشان بەیانگەری راو بیرو بۆچوونەکانی سازمانی خەباتە، و هەروەها لە ساڵی١٣٦٤ دا بە ئیمکاناتیکی کەم توانی رادوێ دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران دامەزرینی و دەنگی خۆی بەگویی هۆگران و خەلکی کوردستان بگەیینێ.

سازمانی خەبات لەساڵی١٣٦٧ دا توانی کونگرەی دووهەمی خۆی بەناوی کۆنگرەی سەرکەوتن ببەستێ و لەو کۆنگرەیەدا هینێ ئالوگۆر بەسەر بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی سازمانی خەبات دا بهێنێت و جەنابی ماموستا سەید جەلالدین حسینی بۆجاری دووهەم بەسکرتێری گشتی سازمان هەلبژێردرایەوەو شیعاری رووخانی رژیم بوو بە یەکێك لە شیعارە سەرەکیەکانی سازمان و بەجێگای خودموختاری بۆ کوردستان، مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کوردستان دەنگی پێ درا. یەکێك لە ئامانجەکانی کونگرەی دووهەم پێك هێنانی بەرەی کوردستانی بوو، ئەویش خرایە بەرنامەی کاریەوە. هەلسووران و کارووچالاکی لەوکاتەدا زۆر سەخت بوو لەلاییێکەوە هێرشی بەردەوامی رژیم بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی و لەلاییێکی دیکەوە بەرنگار بوونەوەی هێزە نەیارەکانی سازمانی خەبات و کێشەی ناوخۆیی و موشکیلاتی دارایی، تەنگی بە ئەندامانی سازمان هەلچنی بوو، بەلام بەهەوڵ و کۆل نەدان و سەرکردایەتی ژیر تواندرا، بەسەر کەند و کۆسپەکاندا زاڵ بین و درێژە بەخەباتی رەوا بدەن. سازمانی خەبات لە پشتیوانی کردن لە شۆرشی باشووری کوردستاندا و پەنادانی پێشمەرگە و سیاسیەکانی کورد، بێ پەروا کاری کردوە، بە پێی توانا لە مەترسی دەربازی کردوون و پاراستوونی و سیاسەت و مەسلەحەتی خۆی فیدای کوردایەتی کردوە. لەراپەرینە شکۆدارەکەی ١٩٩١ ی زایینی لەباشوری کوردستان سازمانی خەبات دەوری بەرچاوی هەبوو لە رانیە پیشمەرگەکانی سازمانی خەبات وێرای خەلکی ناوچەکە هێرشیان بردە سەر دام و دەزگا سەرکوتگەرەکان. لە سلیمانیش پیشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە گرتنی ئەمنەکەدا دەوری بەرچاویان بوو و پیشمەرگەیێکی سازمانی خەبات شەهید و چەندی دیکەش لە پیشمەرگەکان بریندار بوون. ئەوە دەرخەری ئەو راستیەیە کە سازمانی خەبات گرینگی بە مەسەلەی نەتەوەیی لەباقی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش داوە. لە دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی کاری ئیداری و بەرێوەبەرایەتی کوردستانی گرتە دەست، رژیمی ئاخوندی ئێران بە هۆی ژمارەییێك بەکرێگیراو و دەست و پێوەندی خۆی بە شیوەییێکی بەرچاو دەستی کرد بە ترۆری ئەندامانی ئەحزاب، کە یەکەم کەس کاك خالید حەسەن نژاد یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سازمان لە شاری رانیە شەهید کراو دوای ئەویش سازمانی خەبات چەندین ئەندامی دیکەی هەر لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی ترۆر کران و چەندین هەولی دیکەی ترۆریستی پووچەل کرایەوەو چەندین جار هەولی ترۆرکردنی کاك بابەشیخی حسینی درا کە جارێك ترۆریستان توانیان لەگەرەکی عەقاری شاری سلیمانی ماشینەکەی بۆمب گوزاری بکەن کە بەداخەوە بەسەختی بریندار بوو کە ئاسەواری ئەو کردەوە نا مرۆڤانەیە لەسەر جەستەی دیارە. لەلاییێکی دیکەوە جواب کردن و گواستنەوەی بارەگاکانی سازمانی خەبات و موشکیلاتی مالی ببوە هۆی کەم و کوری لە کارەکانی دا. سەرەرای ئەو گشتە موشکیلات و سەختیانە سازمانی خەبات سالانە بە پێی توانا دەستەی پارتیزانی پێشمەرگەی رەوانەی ناوخۆی کوردستان کردوە و کاری تەشکیلاتی نهێنی و تەبلیغی یان ئەنجام داوە لە ناو خەلکدا، وە خەلکی ناوچەکانی سەرشیویی سەقز و سنە لە ساڵی ١٣٧٤ دا و بانە و سەردەشت و بۆکان شاهیدی ئەو راستیەن.

سازمانی خەبات بە هۆی ئەو هەل و مەرجە نالەبارەی لە باشووری کوردستان و چەندین کێشەی دیکە نەیتوانی تا ساڵی ١٣٨٤ی کۆچی خۆری کونگرەی سێهەمی خۆی ببەستێ کە لەو ساڵەدا و لە مانگی رەشەمە لە شارۆچکەی تۆبزاوای سەر بە پاریزگای هەولێر، کونگرەی سێهەمی خۆی بەست و لەو کونگرەیەدا ئالوگۆرێکی بەرچاو بە سەربەرنامەو پەیرەوی سازمان دا هات، ئێستا سازمانی خەبات وەك هێزێکی سیاسی نەتەوەیی بۆ تێکرای پێك هاتە و بیر و بۆچوونەکان لە کوردستانەو خوازیاری ئێرانێکی دیموکراتیك و پارلمانیە وسیستمی فیدرالی بۆ کوردستان بەباش دەزانێ بەلام لە بەرئەوەی فیدرالی پێویستی بە رەزامەندی تێکرای نەتەوەکان لە ئێراندا هەیە بۆیە مافی خودموختاری بۆ کوردستان لە کونگرەی سێهەمدا پەسەند کرد. هەر وەها لەو کونگرەیەدا سەرکردایەتێکی نوێ کە زۆربەیان تەمەنیان لە ٢٥ تا ٤٠ ساڵ دەبێ هەلبژێردرا، لە سازمان دا ئێستا جیلی نوێ دەوری سەرەکی دەگێرن، لە بەرێوەبەری و برِیاردان دا و ئافرەتان بەشێوەیێکی جیددی چالاکیان هەیە و ئێستا خوشکێك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیە و ئافرەتان بەبێ جیاوازی و بە شێوەی بەرانبەر لەگەل پیاوەکاندا حەقی نەزەردان و بەرێوەبەرییان هەیە. لە کۆنگرەی سێهەم ئارمی سازمانی خەبات کە تەعبیر لە سیاسەتی سازمان دەکات گۆرانی بەسەردا هاتووە. پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی کونگرەی سێهەم کاك بابەشێخی حسێنی کە لە گۆنگرە زۆرینەی دەنگی هێنایەوە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی سازمان، بەسکرتێری گشتی هەلبژارد و لە دوای کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەبات گرنگی بەرچاو دراوە بە پەرەپێدانی راگەیاندن و کاری تەشکیلاتی لە ناوخۆی کوردستان. ئورگانەکانی سازمان دابەش کراوە بەسەرئەندامانی سەرکردایەتی داو برِیاردان لە سەر پرۆژەو کارەسیاسیەکان لە سازمان دا بە مشاورەی تێکرای ئەندامانی سەرکردایەتی و بەپێی دەنگ برِیاری لە سەردەدرێ و هیچ یەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی بە تەنیا مافی برِیاردانی لە سەرمەسەلە چارەنوس سازەکان نیەو مەسەلە چارەنووس سازەکان بەپێی زۆرینەی دەنگ برِیاریان لەسەر دەدرێ.

لە دوای تێپەرینی ٢ ساڵ بە سەر بەستنی کونگرەی سێهەمی سازمان دا بەرەو پێش چوونێکی بەرچاو دەبینرێ، لە باری سیاسی، راگەیاندن، و تەشکیلاتی دا.

لە کۆتایدا هومێدی سەرکەوتنی زیاتر بۆ دانە دانەی ئەندامانی سازمانی خەبات و تێکرای ئازادیخوازان کوردستان دەخوازم و هیوادارم سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ئاهەنگی ٢٨ ساڵەی لە کوردستانێکی ئازاد ولە بەرەو پێش چوونی زیاتردا بگێرێ.

***

# بانگە وازی هەیئەتی نوێنەرایەتیی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە ( شمال عێراق )

حیزب و رێکخراوە کوردستانی و ئێرانیە کان!

کورو کۆمەڵ وکەسایەتیە بەشەر دۆستەکان!

زیاتر لە پێنج ساڵ لە مانە وەی١٢٠٠ تێکوشەری کوردی ئێرانی لە تورکیە رادەبرێ. ئەم کۆمەلە ئینسانە کە بە هۆی نە بوونی ئەمنیەت لە ولاتی عێراق لە سەرەتای ساڵی٢٠٠١ تا ئاخری ساڵی٢٠٠٢بەرەبەرە هاتنە تورکیە وخۆیان بە دەفتەری unhcr لە شاری (وان)ی تورکیە تاساند، پاش ماوەیەك سە رەنجام لە لایەن unhcrوە وەك پەنابەر وەرگیران و بە رەسمی کارتی قبوولی ئەم ئیدارەیەیان وەرگرتووە. بەلام بەداخەوە تائێستا نەیانتوانیوە یا نەیانویستوە رێگاچارەیێکی ئەساسی بۆ نیشتەجێکردنی ئەم پە نابەرانە ببینێتەوە. گوێنەدانی ئەم رێکخراوە بە هەلومەرجی نالەباری ژیانی ئەم پەنابەرانە و هێشتنەوەیان بو ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ لە بیلاتەکلیفی دا، زیانێکی قەرەبوونەکراوەی بە ژیانی ئەوان گەیاندوە.

هە لۆیستی گوێنەدان و لە پەراوێزخستنی ئەم پەنابەرانە لەلایەك و زەختی لەرادەبەدەری دەولەتی تورکیە لەسەر ئەوان، کە هەردەم بە بیانوویەکەوە بەربینگیان پێدەگرێ، تورکیەی کردوەتە زیندانێکی گەورە بۆ ئەم کۆمەلە ئینسانە. بەهۆی ئەم وەزعییەتە نالەبارە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەشێك لەم پەنابەرانە کە دەرەتانیان بۆ رەخساوە لەرێگای قاچاخەوە بەرەو ولاتانی ئوروپایی رۆیشتوون، ئێستا لەم١٢٠٠ کەسە کەمتر لە٨٠٠ کەس ماونە تەوە کە نزیك بە٣٠ کەسە. بەرتەسك کردنەوەی یارمەتیەکانی و هەروەها پرینی دەوا و دەرمان لەم پەنابەرانە ژیانێکی تاڵ وتراژیدیەکی خەمناکی بۆ پێکهێناون. ئەمەش لە حالێکدایە کە بەپێی یاساکانی دەولەتی تورکیە پەنابەر حەقی کارکردنی بەرەسمی نیە و هەربۆیە زۆربەی پەنابەران ناچارن بەشێوەی غەیرەقانونی و بە نرخێکی زۆر کەم کاری سەخت و تاقەت پروکێن بکەن. بەهۆی خاوەنکارەکانەوە بێبەزەییانە دەچەوسێنەوە و تەنانەت لە زۆر شوێن خاوەنکارەکان کە دەزانن کارکردن بۆ پەنابەران قەدەغەیە، حەقدستیان نادەنێ و لە کار دەریان دەکەن. پەنابەران زۆرجار بۆ داوای مافی رەوای خۆیان ودەربرینی نارەزایەتی لەم وەزعە نالەبارە کە بەسەریاندا سەپاوە، چونەتە بەر دەرکی unhcr لە شارەکانی وان و ئانکارا ودەستیان داوەتە مانگرتن، بەلام unhcr هیچ ولامێکی نەداونەتەوە، بەلکوو بە بانگەێشتنی پۆلیسی دژی شۆرش بێحورمەتی و بلاوەی پێکردوون یا خراونەتە زیندان و دراونەتە دادگا. لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا زۆر رێکخراو وشەخسیەتی بەشەردۆست و کۆر و کۆمەل و رێکخراوی سیاسی راپۆرتی لە سەر نووسیوین وتا رادە یەکیش دەدوای کارمان کەو توون، وێرای رێزو حورمەتمان بۆ هەموو ئەو کەس ولایە نانە، بەلام ئیشکالی کار لەوەدا بووە کە هیچ کام لە مانە بە شێوەیەکی بەردەوام و شێلگیر هەولیان نەداوە فشار بخەنە سەر ودەولەتی تورکیە. زۆرجار نامەیەك نووسراوە وئیدی لێی نە پرسراوە تەوە ووەدوای وللامە کەی نە کەو توون یا کەسانێك هە بوون کە تە نیا بوون وکەس هاوکاری نە کردوون و نە یان توانیوە وەلامێکی موسبەت لەلایەنی بەرانبەر وەرگرنەوە. لە تازە ترین ئیقدامی ئینسانیی بۆچارەسەریی ئەم کێشەیە، چەند کەس لە دلسۆزانی ئەم پەنابەرانە کەمپەینێکیان پێك هێناوە وبریار وایە بۆ چارەسەریی ئەم گرفتە هەوڵ بدەن. ئێمە پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە لەگەل سپاس وپێزانین بۆئەم ئەرکە، هیوادارین شێلگیرانە وەدوای ئەم گرفتە بکەون وهاوکات جارێکی دیکە لە هەموو کۆروکۆمەلە بەشەر دۆستەکان، رێکخراوە سیاسیەکان وهەموو ئینسانێکی ئازادیخواز داوا دەکەین دەنگ بخەنە پاڵ ئەم دلسۆزانەو بە فشار هێنان بۆسەر unhcr و دەولەتی تورکیە ئیجازە نەدەن ئەم تێراژیدیە ئینسانیە لە بیر بچێتەوە. بە بێ شك هاوکاری ئێوە دەتوانێ کۆمەك بە چارەسەریی یەکجاریی کێشەکمان بکا. تکایە بۆ پشتگیری و یارمەتیدان بەم ئەرکانە وهەولدان بۆ دەربازکردنی ئەم پەنابەرانە، راستەوخۆ لەگەل بەشی کوردی لە رێکخراوی دژی رەگەزپەرستیی لە نۆرویژ sosrasisme و" کەمپینی تایبەت بە پەنابەرانی رۆژهەلاتی کوردستان" پێوەندی بگرن وئامادەبوونی خۆتان بۆ هاوکاری لەگەل پروژە و بەرێوەبردنی ئەرك و بەر پرسایەتی دەربرن.

***